TIL MINNE OM HALABJE OG ANFAL

HALABJE & ANFAL

2006

## سالیادی هەردوو کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال

## لیژنەی سەرپەرشتی پێکهاتووە لە:

- ☆ ماڵی رووناکبیریی سەلام Salam Culturad House
- ☆ SOS RASISME گرووپی کوردی
- ☆ چەند کەسایەتییەکی سەربەخۆ لە نەرویج

## پرۆگرامەکان:

**16ی مارس:** ڕێوڕەسمی مەشخەڵ FAKKELTOG

**شوێن:** لە JERNBANETORGETبۆ STORTINGET .

**کات:** 18:00

**18ی مارس:** پێشاندانی کورتەفیلمی کوردی.

**شوێن:** هۆڵی سینەمای TANCRED لە NORSK FILMINSTITUTT .

**ناونیشان:** DRONNINGENS GATE 16, 0105 OSLO

**کات:** 16:00 تا 19:00

**24. و 25 ی مارس:** پیشانگای شێوەکاریی و فۆتۆ.

**شوێن:** INTERNASJONAL KULTURSENTER MUSEUM

**ناونیشان:** TØYENBEKKEN 5 لە گرۆنلاند

**هەینی :** 24ی مارس: کاتژمێر: 13:00 تا 20:00

**شەمە:** 25ی مارس: کاتژمێر: 13:00 تا 20:00

**تێبینی:** هاتنەژوورەوە بێ بەرامبەرە.

## ڕاستی دەربارەی ئەنفال و هەڵەبجە:

**ئەنفال:** چەند هێرشێکی کۆمەڵکوژی بوو دژی گەلی کوردکرا لە لایەن ڕژێمی دیکتاتۆری سەددامە وە لە عێراق. هێرشەکان بەرفراوان بوون بۆ پاکتاوکردنی نەژادیی دژی گەلی کورد.

- لە باشووری کوردستان (کوردستانی عێراق) ڕووی دا.
- 1987 دەستی پێکرد و تا ساڵی 1989ی خایاند.
- زیاتر لە 4500 گووندی کوردی یەکسان کران بەزەوی.
- هەزاران هاوڵاتی، بێماڵ، بریندار و ئێفلیج کران.
- بە عەرەبکردنی شارە کوردییەکان کە بەسامانی سروشتی دەوڵەمەندن.
- کۆمەڵکووژییەکان بەسەرپەرشتی عەلی حەسەن ئەلمەجید , عەلی کیمیای، بوون کە ئامۆزی سەددام حووسێنە.
- زیاتر لە 182000 هاوڵاتی گیانی لەدەست دا.

**هەڵەبجە:** شارێکە لە کوردستانی عێراق کە لە 16ی مارسی 1988 بە چەکی کیمیایی بۆردوومان کرا..

- زیاتر لە 5000 هاوڵاتی بە گاز خنکێنران.
- زیاتر لە 10000 بریندار بوون لە هێرشەکادا.
- بە هەزاران کەس هێشتا دەناڵێنن بە دەست برینداریییەوە وەك دەرەنجامی هێرشە گازییەکان.
- جۆرەها نەخۆشی شێرپەنجە، پێست و چاو تەشەنەی کردووە.
- ژمارەیەکی زۆری منداڵ بە مرددویی لەدایك دەبن، یان بە کەمئەندامی.

## هەندێك زانیاری دەربارەی کوردستان:

کوردستان بەو ناوچانە دەووترێت کە کوردی تیا دەژی، و ناوچەیەکی شاخاوییە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە.

- ڕووبەری کوردستان بە 530000 کم$^2$ مەزەندە دەکرێت.
- بۆ یەکەم جار کوردستان لە ساڵی 1514 لە نێوان ئێران و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دابەشکرا.
- گەلی کورد پاش جەنگی جیهانی یەکەم، لە ڕێککەوتننامی سیڤەر، بەڵێنيووڵاتی خۆیان پێدرا، بەڵام ئەمە قەت جێبەجێ نەکرا، زلهێزەکان لە بەڵێنەکانی خۆیان پەشیمان بوونەوە.
- ڕێککەتننامەی لۆزان لە ساڵی 1923 شوێني ڕێککەتننامی سیڤەری گرتەوە کە بە یەك ووشەش ناوی کوردستانی تیا نەهاتبوو.
- لەوکاتەوە کوردستان دابەشکراوە لەنێوان چوار ووڵات: (تورکیا، سووریا، عێراق و ئێران).
- گەلی کورد هەمیشە تێکۆشاوە بۆ ڕزگاری لە مێژووی دوور و درێژی خۆیدا.
- زمانی کوردی بەشێکە لە گرووپەزمانی هیندۆ ئەورووپی.
- گەلی کورد بە زیاتر لە 40 ملیۆن مەزەندە دەکرێن
- گەلی کورد گەورەترین نەتەوەن کە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان نییە.

***بۆ زانیاری زیاتر، سەردانی ئەم ماڵپەڕانە بکە:***

www.halabjamonument.com

www.kurdistan.no

وێنەی پشتەوە: عومەری خاوەر

## ناوەڕۆکی پرۆگرامی چالاکییەکان:

**16ی مارس:** ڕێوڕەسمی "مەشخەڵ"(FAKKELTOG).

**شوێن:** لە JERNBANETORGET بۆ STORTINGET .

**کات:** 18:00

**18ی مارس:** پێشاندانی کورتەفیلمی کوردی و هەندێك موزیك.

**شوێن:** هۆڵی سینەمای TANCRED لە NORSK FILMINSTITUTT .

**ناونیشان:** DRONNINGENS GATE 16, 0105 OSLO

**کات:** 16:00 تا 19:00

**ئەم کورتەفیلمە کوردییانەی خوارە پیشان دەدرێن:**

1 . **ناو:** ""پەنجەرەیەك ڕووبەڕووی خۆر"" **تێکست:** ئینگلیزی"

**دەرهێنەر:** بیژەن زەمانپیرە

**ماوە:** 12 خوولەك

"فیلمێکی جوان و شاعیری دەربارەی گووندێکی کوردی لە سێبەری خۆردا. فیلمەکە ڕەش و سپییە و زمانێکی پاراو و ڕووخسارێکی سەرنجڕاکێشی هەیە، لەوێدا مرۆڤەکان لە سێبەرەکانیانەوە پیشان دەدرێن. سێبەرەکان دەپاڕێنەوە کە باران بباریت. بەڵام تۆ بڵێ ی جارێك لە جاران باران بێت بۆ ئەو گووندە کە پێیان وابوو خوا لەبیری کردوون؟"

2. **ناو:** "باوکە" **تێکست:** نەروێجی

**نووسین و دەرهێنانی:** هیشام زەمان

**ماوە:** 15 خوولەك

"باوکە باسی کوڕ و باوکێك دەکات لە کۆچکردنێکیان دا بە ئەورووپا دا. باوکەکە مافی مانەوەی یاسایی وەرناگرێت لە دووا وویستگەی دا کە نەروێجە، بەڵام خەون دەبینێت بە داهاتوویەکی ترەوە بۆ کوڕە بچووکەکەی خۆی. باوکەکە فشار ی لێدەکرێت بۆ هەڵبژاردنی ڕێگەیەکی قوورس بۆ گەشتن بەم خەونە."

3. **ناو:** "لە کەناری سووری کێو دا". **تێکست:** ئینگلییزی

**دەرهێنەر:** موحەممەدڕەزا وەتەندۆست

**ماوە:** 15 خوولەك

"بە گوێری ئاماری حکوومەتی کوردی نزیکەی 16 ملیۆن مین هەیە لەسەر سنووری عێراق و ئێران. ئەمە فیلمێکی دۆکومێنتی بەهێزە، ئەو کەسانەی تیا دەبینین کە خۆیان قووربانین و ترسناکی ئەو مینانەیان لە نزیکەوە بینیوە. مرۆڤی جۆراوجۆر و چیرۆکەکانیانمان کوێ لێدەبێت، وە ئەوەی کە لە دیمەنێکی جوانی پڕ لە مین دا بژیت."

4. **ناو:** "کێوی سپی" **تێکست:** ئینگلیزی

**دەرهێنەر:** تەها کەریمی

**ماوە:** 30 خوولەك

"پیاوێکی پیری کورد بەناو چیا بەرزەکان دا دەڕوات، وە شاهێدە بۆ ئەو شەڕە بێواتایەی شەڕ لە کوردستان دا لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت. بە ئەسپەکەی خۆی لاشە کۆدەکاتەوە، پاش ئەوەش ناسنامەیەکیان دەداتێت. لە هەر جێیەك، بەردی سپی دادەنێت بۆ ئەوەی ژمارەی کوژراوەکانی لەبیرنەچێتەوە. فیلمەکە سەبارەت بە شەڕە لە کوردستان.. کورتە فیلمی کێوی سپی، بۆیەکەم جارە پیشان دەدرێت."

**24. و 25 ی مارس:** پیشانگای شێوەکاریی و فۆتۆ.

**شوێن:** INTERNASJONAL KULTURSENTER MUSEUM

**ناونیشان:** TØYENBEKKEN 5 لە گرۆنلاند

**هەینی :** 24ی مارس: کاتژمێر: 13:00 تا 20:00

**شەمە:** 25ی مارس: کاتژمێر: 13:00 تا 20:00